سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League

# ماسی ڕەشی بچکۆلە




له بڵاوکراوه‌کانی : کومیته‌ی کوردستانی ڕێکخراوی یه‌کێتی فیدائیانی کۆمۆنیست
خه‌زه‌ڵوه‌ری ١٣٨٢

## ماسی ڕه‌شی بچکۆله

شه‌وی چله بوو . له قووڵایی ده‌ریا ، ماسی پیر دوانزه هه‌زار دانه له منداڵان و نه‌وه‌کانی به ده‌وری خۆی کۆ کرده بوو و بۆ ئه‌وان داستانی ده‌گیرا : « یه‌کێک بوو ، یه‌کێک نه‌بوو . ماسی ڕه‌شی بچکۆله‌یێک بوو که له گه‌ڵ دایکی له جۆگه‌یێک ژیان به سه‌ر ده‌برد . ئه‌م جۆگه‌یه له دیواره‌کانی به‌ردی چیا ده‌هاته ده‌ره‌وه و له دۆڵێک به ڕێ ده‌که‌وت . ماڵی ماسی ڕه‌شی بچکۆله و دایکی له پشتی به‌ردێکی ڕه‌ش بوو ، له ژێر سه‌قفێک له خه‌زه . شه‌وان هه‌ر دووی ئه‌وان له ژێر خه‌زه‌کان ده‌خه‌وتن . ماسی ڕه‌شی بچکۆله ئاواتی ده‌خوازی بۆ جارێکیش که بووه ، مانگه شه‌و له ناو ماڵه‌که‌یان ببینێ ! دایک و منداڵ ، به‌ره‌به‌یانی تاکو شه‌و به شوێن یه‌کتر به ڕێ ده‌که‌وتن و هندێک جار تێکه‌ڵی ماسیه‌کانی‌تر ده‌بوون و خێرا ، خێرا ده‌چوونه سووچێک ، ده‌چوون و ده‌گه‌رانه‌وه . ئه‌م منداڵه تاقانه بوو . چونکه له ده هه‌زار هیلکه‌ی که دایکی کرده بوو ، ته‌نیا ئه‌م منداڵه زیندو مابوو . چه‌ند ڕۆژێک بوو که ماسی بچکۆله بیری ده‌کرد و زۆر قسه‌ی نه‌ده‌کرد . هێدی هێدی و زۆر به خاوه خاو به‌م لا و ئه‌و لا ده‌رۆیشت و ده‌گه‌رایه‌وه و زۆربه‌ی کاته‌کان له دایکیشی پاش ده‌که‌وت و جیا ده‌بوو . دایک پێ وابوو منداڵه‌که‌ی نه‌خۆشه و به‌م زووانه چاک ده‌بێته‌وه ، به‌ڵام تۆ نه‌ڵێ که

دەردی ماسیە ڕەشەکە لە شتێکی‌ترە ! ڕۆژێک بەرەبەیانی بوو ، هێشتا ڕۆژ دەر نەهاتبوو ، ماسی بچکۆلە دایکی لە خەون هەستاند وپێ گۆتی : « دایکە ، ئەمەوێ لە گەڵ تۆ هەندێک قسە بکەم » . دایک کە چاوی بە خەو بوو گۆتی : « ڕۆڵە گیان ئێستا تۆ کاتت دەس کەوتووە ! قسەکەت بهێڵە بۆ دوایی ، باشتر وا نیە بچینە سەیران ؟ » ماسی بچکۆلە گۆتی : « نە دایکە ، من چی‌تر ناتوانم بچمە سەیران . دەبێ لێرە بچم . » دایک گۆتی : « حەتمی دەبێ بچی ؟ » ماسی بچکۆلە گۆتی « بەڵێ دایکە ، دەبێ بچم . » دایکی گۆتی : « ئەدی ، بەرەبەیانی بەم زووە بۆ کوێ ئەدەوێ بڕۆی ؟ » ماسی ڕەشی بچکۆلە گۆتی : « ئەمەوێ بچم بە چاوی خۆم ببینم کۆتایی جۆگەکە لە کوێ دایە . دەزانی دایکە ، ئەمن چەند مانگە بیر دەکەم کە کۆتایی ئەم جۆگەیە لە کوێ دایە و هێشتا هێشتایە ، نەتوانیوم ئەم شتە بزانم . لە دوێنی شەو تاکو ئێستا خەون بە چاوم نەرۆیشتووە و هەمووی بیر دەکردم . تاکو بڕیارم دا خۆم بچم و کۆتایی جۆگەکە بدۆزمەوە . ئەمەوێ بزانم لە شوێنەکانی‌تر چ خەبەرە . » دایک پێ دەکەنی و گۆتی : « منیش کاتێک منداڵ بووم ، زۆر لەم بیرانە دەکردم . ئاخر گیانەکەم ! جۆگە کە ئەوەڵ و ئاخری نیە : هەر ئەمەیە کە هەیە ! جۆگە هەمیشە دەڕوات و بە هیچ جێگایکیش ناگات . » ماسی ڕەشی بچکۆلە گۆتی : « ئاخر دایکە گیان ، مەگەر نە ئەمەی کە هەر شتێک



دەگاتە کۆتایی ؟ شەو دەگاتە کۆتایی ، ڕۆژ دەگاتە کۆتایی “ هەفتە ، مانگ ، ساڵ و . . . » دایکی دایە ناو قسەکانی ئەو و گۆتی : « گوێ مەدە ئەم قسە زڵ زڵانە ، هەستەوە با بچینە سەیران . ئێستا کاتی سەیرانە نە ئەم قسانە ! » ماسی ڕەشی بچکۆلە گۆتی : « نە دایکە ، من ئیتر لەم سەیرانە ماندوو بووم ، ئەمەوێ بە ڕێ بکەوم و بچم بە چاوی خۆم ببینم لە شوێنەکانی‌تر چ خەبەرە . لەوانەیە وا بیر بکەیتەوە کە کەسێک ماسیە بچکۆلەی فێری ئەم قسانە کردووە ، بەڵام بزانە کە من خۆم زۆر دەمێکە ئاوا بیر دەکەم . هەڵبەتە زۆر شتیش لەم کەس و لەو کەس فێر بووم “ بۆ نموونە لەمە تێگەیشتووم کە زۆربەی ماسیەکان ، کاتی پیری سکالا دەکەن کە ژیانیان بە فێرو چووە . هەمیشە ناڵە و نەفرین دەکەن و لە هەموو شت سکالایان هەیە . من ئەمەوێ بزانم کە ، بە ڕاستی مانای ژیان ئەمەیە کە تەنیا لە یەک شوێن دا ، هەمیشە بچیت و بگەڕیتەوە تاکو پیر بیت و ئیتر هیچ ، یان ئەمەی کە بە شێوەیێکی‌تریش دەتوانرێ لە دونیادا ژیان بە سەر برد ؟ . . . »

کاتێک کە قسەکانی ماسیە بچکۆلە تەواو بوو . دایکی گۆتی : « ڕۆڵە گیان ! مەگەر شێت بووی ؟ دونیا ! . . . دونیا ! . . . دونیا ئیتر یانی چی ؟ دونیا هەر ئێرەیە کە ئێمە تێداین ، ژیانیش هەر ئەمەیە کە ئێمە هەمانە . . . »

لەم کاتەدا ، ماسیەکی گەورە نزیکی ماڵەکەیان بوو و گۆتی :
« جیرانی من ، لە سەر چی لە گەڵ منداڵەکەت وڕاوە دەکەی ، دەڵی ئەمڕۆ ناتانەوێ بچن بۆ سەیران ؟ »

دایکی ماسی ، بە دەنگی جیرانەکەیان ، لە ماڵ هاتە دەرەوە و گۆتی : « چ ساڵ و زەمانەیکە ! ئێستا ئیتر منداڵەکانیش ئەیانەوێ شت فێری دایکەکانیان بکەن . »

جیرانەکە گۆتی : « لە بەر چی ؟ »

دایکی ماسی گۆتی : « تەماشا بکە ئەم یەک بست منداڵە بۆ چ شوێنێک ئەیەوێ بڕوات ! هەمیشە دەڵێ ئەمەوێ بڕۆم بە چاوی خۆم ببینم لە دونیا دا چ خەبەرە !چ قسانەی زلێ زلێک ! »

جیرانەکە گۆتی : « بچکۆلە ، با بزانم تۆ لە کەی تا ئێستا زانا و تێگەیشتوو بوویت و ئێمە ئاگامان لێ نەبووە ؟ »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « خاتوو ! من نازانم ئێوە « زانا و تێگەیشتوو » بە چی دەڵین . من تەنیا لەم سەیرانانە ماندوو بووم و نامەوێ درێژە بدەمە ئەم سەیرانە ماندووکەرانە و بە درۆ خۆش بم و لە ناکاو چاوم بکەمەوە و ببینم وەک ئێوە پیر و پەککەوتوو بووم و هێشتا هەر ئەو ماسیە چاو و گوێ بەستراوەم کە پێشتر بووم . »

جیرانەکە گۆتی : « هەی ! . . . چ قسانەی ! »



دایکی گۆتی : « من قەد بیرم نەدەکرد منداڵی تاقانەم بەم جۆرە بێت . نازانم کام بەد جنس منداڵی ئازیزی منی هان داوە ! »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « هیچ کەسێک منی هان نەداوە . من خۆم عەقڵ و هوشم هەیە و تێدەگەم ، چاوم هەیە و دەبینم . »

جیرانەکە بە دایکی ماسی بچکۆلە گۆتی : « خوشکە ، ئەو حەڵەزوونە پێچ پێچە لە بیرت دێت ؟ »

دایک گۆتی : « بەڵێ ، باشت گۆت ، زۆر بۆ منداڵەکەم قسەی دەگۆت . بڵێم خوا چی لێ بکات ! »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « بەس کە دایکە ! ئەو هاورێ من بوو . »

دایکی گۆتی : « هاورێەتی ماسی و حەڵەزوونم نەبیستبوو ! »

ماسی بچکۆلە : « منیش دوژمنایەتی ماسی و حەڵەزوونم نەبیستبوو . بەڵام ئیوە هەمووتان ئەو فەقیرانەتان بێ سەر و شوێن کرد . »

جیرانەکە گۆتی : « ئەم قسانە هینی ڕابردوویە . »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « ئێوە خۆتان قسەی ڕابردووتان هێنایە پێش . »

دایکی گۆتی : « حەقی خۆی بوو کە بیکوژین ، مەگەر لە بیرت چووە لێرە و لەوێ دادەنیشت و چ قسانەی دەکرد ؟ »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « ئەی منیش بیکوژن ، چونکە منیش هەر ئەو قسانە دەکەم . »

سەرتان بە ژان نەهێنم ! دەنگی وڕاوە ، ماسیەکانیتریش هێنایە ئەوێ . قسەکانی ماسی بچکۆلە هەموویان توڕە کردە بوو . یەکێک لە ماسیە پیرەکان گۆتی : « پێت وایە بەزەئیمان بە تۆیش دێت ؟ »

ئەوەیتریان گۆتی : « تەنیا ئازارێکی بچۆکی دەیەوێ ! »

دایکی ماسی ڕەشەکە گۆتی : « لێرە بڕۆن ! دەس بە منداڵەکەم مەدەن ! »

یەکی دیکە لەوان گۆتی : « خاتوو ! کاتێک منداڵەکەت ئاوا کە پێویستە پەروەردە ناکەی ، دەبێ تاوانەکەیشی بدەی . »

جیرانەکەی گۆتی : « من کە شەرمەزارم لەوەی کە جیرانی ئێوەم . »

ئەوەیتریان گۆتی : « تاکو کارەکە قووڵ نەبووەتەوە ، ئەو بینێرین بۆ لای حەڵەزوونە پیرەکە . »

ماسیەکان تا هاتن ماسی بچکۆلەکە بیگرن ، دۆستەکانی دەوری ئەویان دا و دەربازیان کرد . دایکی ماسی ڕەشەکە ئەدا لە سەر و سینگی خۆی و دەگریا و دەیگۆت : « ئاخ و داخ ، منداڵەکەم خەریکە لە دەستم دەچێ . چی بکەم ؟ چ قۆڕێک لە سەرم بکەم ؟ »

ماسی بچکوولە گۆتی : « دایکە ! بۆ من فرمێسک دامەرژێنە ، بە حاڵ و وەزعی ئەم ماسیە پیرە قۆر بە سەرانە بگریە . »



یەکێک لە ماسیەکان لە ڕێگای دوورەوە دەنگی بەرز کردەوە و گۆتی : « ئیهانە مەکە ، نیو بستی ! »

دووهەمیان گۆتی : « ئەگەر بچیت و دوایی پەشیمان بگەریتەوە ، ئیتر ئێمە ڕێگات پێ نادەین بیتە ناو ئێمە ! »

سێهەمیان گۆتی : « ئەمانە هەوا هەوەسەکانی دەورەی لاویە ، مەڕۆ ! »

چوارەمیان گۆتی : « مەگەر ئێرە چ عەیبێکی هەیە ؟ »

پێنجەمی گۆتی : « دونیایێکی دیکە لە کاردا نیە ، دونیا هەر ئێرەیە ، بگەرەوە ! »

شەشەمیان گۆتی : « ئەگەر بیتە سەر عەقڵ و بگەریتەوە ، ئەو کات باوەرمان دەبێ کە بە راستی ماسیەکی تێگەیشتووی . »

هەفتەمی گۆتی : « ئاخر ئێمە بە دیتنی تۆ عادەتمان کردووە . . . »

دایکی گۆتی : « بەزەئیت بە من بێت ، مەڕو ! . . . مەڕۆ ! »

ماسی بچکۆلە ئیتر لە گەڵ ئەوان قسەی نەدەکرد . چەند کەس لە دۆستانی هاو تەمەنی تاکو تاڤگەکە لە گەڵی چوون و لەوێدا گەرانەوە . ماسی بچکۆلە کاتێک لەوان جیا دەبوو گۆتی : « دۆستان ، بە ئومێدی دیدار ! لە بیرم مەکەن . »

دۆستەکانی گۆتیان : « چون دەبێ لە بیرت بکەین ؟ تۆ ئێمەت لە خەونی کەروێشکی هەستاند ، ئێمەت فێری ئەو

شتانەی کرد کە بیریشی لیٚ نەدەکردین . بە ئومێدی دیدار ، دۆستی زانا و نەترسی ئێمە ! »

ماسی بچکۆلە لە تاڤگەکە هاتە خواری و کەوتە ناو گۆمێکی پڕ لە ئاو . یەکەم جار نەدەزانی چی بکات ، بەڵام دوایی خەریکی مەلە کردن بوو و بە دەوری گۆمەکە دەگەرا . تا ئەو کاتە نەدیتە بوو کە ئەم هەموو ئاوە لە یەک شوێن کۆ بێتەوە . هەزاران کەفچە ماسی لە ناو ئاو دەگەران . ماسی ڕەشی بچکۆلەیان کە بینی ، گاڵتەیان پێ دەکرد و دەیانگۆت : « رووخساری ببینن ! تۆ ئیتر چ گیانەوەرێکیت ؟ »

ماسی بچکۆلە ،  بە باشی تەماشایان کرد و گۆتی : « تکایە ئیهانە مەکەن . ناوی من ماسی ڕەشی بچکۆلەیە . ئێوەیش ناوی خۆتان بڵێن تا لە گەڵ یەکتر ئاشنا بین . »

یەکێک لە کەفچە ماسیەکان گۆتی : « ئێمە یەکتر کەفچە ماسی بانگ دەکەین . »

ئەوەیتریان گۆتی : « خاوەن ئەسڵ و ریشە . »

ئەوەیتر گۆتی : « لە ئێمە جوانتر ، لە دونیادا پەیدا نابیٚ . »

ئەوەیتریان گۆتی : « وەک تۆ ناشیرین و بەد رووخسار نین . »

ماسی گۆتی : « من هیچ بیرم نەدەکرد ئێوە ئەوەندە خۆپەسەندین . باشە ، من لە ئێوە دەبۆرم ، چونکە ئەم قسانە لە بەر نەنزانی دەڵێن . »



کەفچە ماسیەکان یەک دەنگ گۆتیان : « یانی ئێمە نەزانین ؟ »

ماسی گۆتی : « ئەگەر نەزان نەبووین ، دەزانین کە لە دونیادا زۆر شتی دیکە هەیە کە رووخساریان لە لای خۆیانیش ناشیرینە ! ئێوە تەنانەت ناوەکەتانیش هینی خۆتان نیە . »

کەفچە ماسیەکان زۆر توڕە بوون ، بەڵام چونکە بینیان ماسی بچکۆلە راست دەڵیٚ ، قسەی خۆیان گۆری و گۆتیان : « ئەدی تۆ بۆ چی خۆت ئەزیەت دەدەی . ئێمە هەر رۆژ ، لە بەرەبەیانی تاکو شەو دونیا دەگەرین ، بەڵام جگە لە خۆمان و دایک و باوکمان ، کەسێکیتر نابینین ، مەگەر کرمەکانی بچۆک کە ئەوانیش هیچی نین و بە حساب دا نایەن ! »

ماسی گۆتی : « ئێوە کە ناتوانین لە گۆمەکە بڕۆینە دەریٚ ، چون لە جیهانگەردی قسە دەکەین ؟ »

کەفچە ماسیەکان گۆتیان : « مەگەر جگە لە گۆماو ، دونیایێکی دیکەیشمان هەیە ؟ » ماسی گۆتی : « لانی کەم دەبیٚ بیر بکەینەوە کە ئەم ئاوە لە کویٚ دەرژێتە ئێرە و لە دەرەوەی ئاویش چ شتانێک هەیە . »

کەفچە ماسیەکان گۆتیان : « دەرەوەی ئاو ئیتر چ شوێنێکە ؟ ئێمە کە هەرگیز دەرەوەی ئاومان نەبینیوە ! هاها . . . هاها . . . شێت بووی بابا ! »

ماسی ڕەشی بچکۆلەیش پێکەنینی دەهات . بە باشی زانی کە کەفچە ماسیەکان بە حاڵی خۆیان بهێڵێ و لەوێ بڕوات . دوایی بیری کردەوە و بە باشی دەزانی کە لە گەڵ دایکی ئەوانیش توزێک قسە بکات ، بۆیە لەوان پرسیاری کرد کە : « ئێستا دایکتان لە کوێ دایە ؟ »

لە ناکاودا دەنگی زیقی قۆرواق ئەوی داچەڵەکاند .

قۆرواقەکە لە قەراخی گۆماو ، لە سەر بەردێک دانیشتبوو ، خۆی خستە ناو ئاو و هاتە لای ماسی و گۆتی : « من لێرەم ، کارێکت بە من بوو ؟ »

ماسی گۆتی : « سلاو خاتوو گەورە ! »

قۆرواق گۆتی : « ئێستا چ کاتی خۆ نوداندنە ، گیانەوەری بە ئەسڵ و ریشە ! منداڵت دەس کەوتووە و خەریکی قسەی زڵ زڵی ، من ئیتر ئەوەندە تەمەنم رۆیشتووتە سەرێ کە بزانم دونیا هەر ئەم گۆمەیە . باشتر وایە برۆیتە دوای کاری خۆت و منداڵەکانی من بە لارێ نەبەی . »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « سەد جاریش لەم تەمەنانەت بێت ، دیسان قۆرواقی نەزان و بێ چارە زۆرتر شتێکی دیکە نیت . » قۆرواق تورە بوو و بەرەو لای ماسی ڕەشی بچکۆلە خۆی فرێ دا ، ماسی جووڵەیێکی تووندی کرد و وەک تیر دەرچوو و قۆر و کرمەکانی بنی گۆمەکەی هێنایە سەر ئاو .

دۆڵەکە پڕ بوو لە لۆفە . ئاوی جۆگەیش زۆرتر ببوو ، بەلام ئەگەر بدهەویست لە سەرەوەی چیاکان خوارەوەی دۆڵەکە



تەماشا بکەی ، جۆگەکە وەک داوێکی سپی بوو . لە شوێنێک دا بەردێکی گەورە لە چیاکە جیا ببوو و کەوتبووە خوارەوەی دۆڵەکە و ئاوەکەی کردە بووە دوو بەش . مارموزکێکی گەورە ، بە قەد ناو دەستێک ، زکی خۆی دابووە سەر بەردێک ، لە تینی هەتاو حەزی دەبرد و تەماشای قرژانگێکی خڕ و گەورە دەکرد کە دانیشتبووە سەر خیزەکانی بنی ئاو ، لەو شوێنەدا کە قوولایی ئاوەکە کەمتر بوو خەریک بوو قۆرواقێک کە گرتبوو دەخوارد . ماسی بچکۆلە لە ناکاو چاوی کەوتە قرژانگەکە و ترسا . لە دوورەوە سلاوی لێ کرد . قرژانگیش لە لای چاوەوە تەماشای ئەوی کرد و گۆتی :

« چ ماسیەکی بە ئەدەب ! وەرە نزیکەوە بچکۆلە ، وەرە ! »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « من دەچم تاکو دونیا بگەرم و هیچ نامەوێ ببمە ڕاوی ئێوە . »

قرژانگ گۆتی : « تۆ بۆ چی ئەوەندە بەدبین و ترسەنۆکی ، ماسی بچکۆلە ؟ »

ماسی گۆتی : « من نە بەدبینم و نە ترسەنۆک . من هەر چی کە چاوەکانم دەبینی و عەقڵم پێ دەشکێ ، بە سەر زمان دێنم . »

قرژانگ گۆتی : « باشە ، بفرموو با بزانم چاوی تۆ چی بینی و عەقڵی تۆ چی گۆت کە پێت وا بوو کە من ئەمەوێ تۆ ڕاو بکەم ؟ »

ماسی گۆتی : « ئیتر خۆت لە گێلی مەدە ! »
قرژانگ گۆتی : « مەبەستی تۆ قۆرواقە ؟ تۆیش کە تەواو منداڵی بابا ! من لە گەڵ قۆرواقەکان دوژمنم و لە بەر ئەمەیە کە ڕاویان دەکەم . دەزانی ، ئەمانە پێان وایە تەنیا گیانەوەرەکانی دونیان و خۆشبەختن . و من ئەمەوێ تێان بگەێنم کە دونیا بە راستی دا لە دەستی چ کەسێک دایە ! بۆیە تۆ ئیتر مەترسە گیانەکەم ، وەرە پێشەوە ، وەرە ! »
قرژانگ ئەم قسانەیە کرد و وردە وردە هاتە پێشەوە بۆ لای ماسی بچکۆلە ، ئەوەندە بە پێکەنینی بە رێگا دەچوو کە ماسی پێکەنینی هات و گۆتی : « بێ چارە ! تۆ کە هێشتا بە رێگا چوون نازانی ، لە کوێ دەزانی دونیا لە دەستی کی دایە ؟ »
ماسی ڕەش لە قرژانگ دوور کەوت . سێبەرێک کەوتە سەر ئاوەکە و لە ناکاو ، زەبرێکی قورس قرژانگی بردە ژێر خیزەکانی بنی ئاو . مارموزک لە رووخساری قرژانگ ئەوەندە پێکەنینی هات کە خزی و نزیک بوو بکەوێتە ناو ئاو . قرژانگ ، چیتر نەیتوانی بێتە دەرێ . ماسی بچکۆلە بینی کورە شوانێکی منداڵ لە قەراخی ئاوەکە ڕاوەستاوە و تەماشای ئەو قرژانگە دەکات . ڕانێکی بزن و کاور نزیکی ئاو بوون و دەمیان کردە ناو ئاوەکە . دەنگی مەع ، مەع و بەع ، بەع دۆڵەکەی پڕ کردە بوو . ماسی ڕەشی بچکۆلە



ئەوەندە ڕاوەستا تاکو بزن و کاورەکان ئاویان خوارد و چوون ، ئەو کاتە ، مارموزکی بانگ کرد و گۆتی :
« مارموزک گیان ! من ماسی بچکۆلەم و دەچم تاکو کۆتایی جۆگەکە بدۆزمەوە . پێم وایە تۆ گیانەوەرێکی زانا و تێگەیشتووی ، بۆیە ئەمەوێ پرسیارێک لە تۆ بکەم . »
مارموزک گۆتی : « هەرچی ئەتەوێ پرسیار بکە . »
ماسی گۆتی : « لە رێگادا ، منیان زۆر لە مورغی سەقا و ئەرە ماسی و پەلەوەری ماسی خوار دەترساند ، ئەگەر تۆ شتێک سەبارەت بە ئەمانە دەزانی ، پێم بڵێ . »
مارموزک گۆتی : « ئەرە ماسی و پەلەوەری ماسی خوار لەم دەور و بەرانە نین ، بە تایبەت ئەرەماسی کە لە ناو دەریا هەیە . بەڵام مورغی سەقا لەوانەیە لە خوارتر بێت . فریوت نەدات و بڕۆیتە ناو کیسەکەی . »
ماسی گۆتی : « چ کیسەیەک ؟ »
مارموزک گۆتی : « مورغی سەقا لە ژێر ملی خۆی کیسەیەکی هەیە کە ئاوی زۆر تێدا جێگای دەبێ . ئەو لە ناو ئاو مەلە دەکات و هێندێک جار ماسیەکان ، نازانن و دەچنە ناو کیسەکەی و لەوێدا دەچنە ناو زکی ئەو . هەڵبەتە ئەگەر مورغی سەقا برسیی نەبێ ، ماسیەکان لە ناو کیسەکەی کۆ دەکاتەوە بۆ خواردنی دوایی خۆی . »
ماسی گۆتی : « ئێستا ئەگەر ماسی چووە ناو کیسەکەی ، ئیتر رێگای دەرباز بوونی نیە ؟ »

مارموزک گۆتی : « هیچ ڕێگایێک نیە ، مەگەر ئەوەی کە بدڕێ . من خەنجەرێک بە تۆ دەدەم تاکو ئەگەر تووشی مورغی سەقا بوویت ، ئەم کارە بکەی . »

ئەمجا ، مارموزک چووە لای بەردەکە و خەنجەرێکی بچۆک لە گەڵ خۆی هێنا . ماسی بچکۆلە خەنجەرەکەی هەڵگرت و گۆتی : « مارموزک گیان ! تۆ زۆر مەهرەبانی ، من نازانم چون سوپاسی تۆ بکەم . »

مارموزک گۆتی : « سوپاسی نایەوێ گیانەکەم ! من زۆر لەم خەنجەرانەم هەیە . کاتێک بێکار دەبم ، لە تێخی گیاکان خەنجەر دروست دەکەم و دەدەمە ماسیەکانی زانا وەک تۆ . »

ماسی گۆتی : « مەگەر پێش لە من ماسیەکی‌تریش هاتووتە ئێرە ؟ »

مارموزک گۆتی : « زۆر هاتوون ! ئەوان ئێستا بۆ خۆیان گروپێکن و ماسی گیرەکانیان تەنگاو کردووە . »

ماسی ڕەش گۆتی : « ببورە کە قسە ، قسە دێنێ ، ئەگەر حسابی فزوڵی لە سەر قسەکەم ناکەی ، بڵێ بزانم ماسی گیرەکانیان چون تەنگاو کردووە ؟ »

مارموزک گۆتی : « ئاخر لە بەر ئەوەی کە لە گەڵ یەکترن ، تا ئەمەی کە ماسی گیر تورەکەی بخاتە ناو ئاو ، دەچنە ناو تور و تورەکە لە گەڵ خۆیان ڕادەکێشن و دەبەنەی بنی دەریا . »



مارموزک گوێی نایە سەر درزی بەردەکە و گوێی ڕاگرت و گۆتی : « من ئیتر دەچم ، منداڵەکانم هەستاون . »

مارموزک چووە درزی بەردەکە ، ماسی ڕەشیش لە بەر ناچاری کەوتە رێ . بەڵام هەروا پرسیار بە دوای پرسیار بوو کە بەردەوام لە خۆی دەکرد : « ببینم ، بە راستی جۆگە دەرژێتە دەریا ؟ نەکات مورغی سەقا زوری بە سەر من دابشکێ ؟ بە راستی ، ئەرە ماسی لە دڵی دێت هاوشێوەکانی خۆی بکوژی و بخوات ؟ پەلەوەری ماسی خوار ، ئیتر چ دوژمنایەتێکی لە گەڵ من هەیە ؟ »

ماسی بچکۆلە ، بە مەلە کردن دەچوو و بیری دەکرد . لە هەر هەنگاوێکی رێگا شتێکی تازە دەبینی و فێر دەبوو . ئێستا ئیتر حەزی دەکرد بە تەقڵە لە تاڤگەکان بکەوێتە خوارەوە و دیسان مەلە بکات . هەست بە تینی هەتاو لە سەر پشتی خۆی دەکرد و هێزی دەگرت .

لە شوێنێک دا ئاسکێک بە پەلە ئاوی دەخوارد . ماسی بچکۆلە سلاوی لێ کرد و گۆتی : « ئاسکە جوانەکە ، بۆ چی پەلە دەکەی ؟ »

ئاسک گۆتی : « ڕاوچی بە دوای منە ، گوڵلەیێکیش لە من داوە ، ئەمە جێگاکەیە . »

ماسی بچکۆلە جێگای گوڵلەکەی نەبینی بەلام لە شەلە شەلی ئاسک زانی کە راست دەڵێ . لە شوێنێک دا کیسەڵەکان لە ژێر تینی هەتاو خەوتە بوون و لە شوێنیکی‌تر قاقای کەوەکان

دۆڵەکەی پڕ کردە بوو . بۆنی گیاکانی کیوی هەموو جێگایکی پڕ کردە بوو و تێکەڵی ئاو دەبوو . دوانیوەڕۆ گەیشتە شوێنێک کە دۆڵەکە بەرین دەبوو و ئاو لە ناوەراستی دارستانێک تێپەر دەبوو . ئاوەکە ئەوەندە زۆر ببوو . کە ماسی ڕەشەکە ، بە راستی ، حەزی دەکرد . دوایی گەیشتە ماسیەکی زۆر . لەو کاتەی کە لە دایکی جیا ببوو تاکو ئێستا ، ماسیی نەبینی بوو . چەند دانە لە ماسیە وردەکان دەورەی ئەویان دا و گۆتیان : « وەک شتی تۆ غەریبی ، دروستە ؟ »

ماسی ڕەشەکە گۆتی : « بەڵێ من غەریبم ، لە ڕێگای دوورەوە هاتووم ؟ »

ماسیە وردەکان گۆتیان : « بۆ کوێ دەچی ؟ »

ماسی ڕەشەکە گۆتی : « دەچم کۆتایی جۆگەکە بدۆزمەوە . »

ماسی وردەکان گۆتیان : « کام جۆگە ؟ »

ماسی ڕەشەکە گۆتی : « هەر ئەم جۆگەیە کە لە ناو ئەودا مەلە دەکەین . »

ماسیە وردەکان گۆتیان : « ئێمە بە ئەمە دەڵێن رووبار . »

ماسی ڕەشەکە هیچی نەگۆت . یەکێک لەماسیە وردەکان گۆتی : « هیچ دەزانی مورغی سەقا لە سەر ڕێگا دانیشتووە ؟ »

ماسی ڕەشەکە گۆتی : « بەڵێ ، دەزانم . »



یەکێکیتر گۆتی : « ئەمەیش دەزانی کە مورغی سەقا چ کیسەیەکی پان و بەرینی هەیە ؟ »

ماسی ڕەش گۆتی : « ئەمەیش دەزانم . »

ماسی وردەکە گۆتی : « ئەمانە دەزانی و دیسان ئەتەوێ بڕۆی ؟ »

ماسی ڕەش گۆتی : « بەڵێ ، بە هەر شێوەیەک بووە دەبێ بڕۆم ! »

بە خێرایی لە ناو ماسیەکان قسە دەم بە دەم گەرا کە : ماسی ڕەشی بچکۆلە لە ڕێگای دوورەوە هاتووە و ئەیهەوێ بچێت کۆتایی رووبارەکە بدۆزێتەوە و ترسێکیشی لە مورغی سەقا نیە ! چەند دانە لە ماسیە وردەکان پێیان خۆش بوو لە گەڵ ماسی ڕەش بچن ، بەڵام لە ترسی گەورەکانیان دەنگیان دەر نەدەهات . چەند دانە لەوانیش گۆتیان : « ئەگەر مورغی سەقا نەبوایە ، لە گەڵ تۆ دەهاتین . ئێمە لە کیسەکەی مورغی سەقا دەترسین . »

لە قەراخی رووبارەکە لادێیەک بوو . ژنان و کچانی دێیەکە لە ناو روووبارەکە قاپ و جلی خۆیان دەشوشت . ماسی بچکۆلە بۆ ماوەیێک گوێی دایە دەنگە دەنگی ئەوان و تماشای مەلە کردنی منداڵان دەکرد و پاشان بە ڕێ کەوت . چوو و چوو و دیسان چوو تاکو بوو بە شەو . لە ژێر بەردێک بۆ خۆی خەوت . نیوە شەو لە خەون هەستا و بینی وێنەی مانگ

کەوتووتە ناو ئاوەکە و هەموو شوێنێکی رووناک کردووتەوە .

ماسی ڕەشی بچکۆلە زۆر حەزی لە مانگ بوو . ئەو شەوانەی کە مانگ دەکەوتە ناو ئاو ، ماسی حەزی دەکرد لە ژێر گیاکانی ناو ئاو بێتە دەرێ و لە گەڵ مانگ توزێک قسە بکات ، بەڵام هەر جار دایکی هەڵدەستاو ئەوی دەبردە ژێر گیاکانی ناو ئاو و دیسان دەیخەواندی .

ماسی بچکۆلە چووە لای مانگ و گۆتی : « سڵاو ، مانگە جوانەکەم ! »

مانگ گۆتی : « سڵاو ، ماسی ڕەشی بچکۆلە ! ئێرە لە کوێ ، تۆ لە کوێ ؟ »

ماسی گۆتی : « خەریکم دونیا دەگەرم . »

مانگ گۆتی : « دونیا زۆر گەورەیە . تۆ ناتوانی هەموو شوێنێک بگەری . »

ماسی گۆتی : « باشە . هەر شوێنێک توانیم ، دەچم . »

مانگ گۆتی : « پێم خۆش بوو تاکو سبەینی لە لای تۆ دانیشم . بەڵام هەورێکی ڕەشی گەورە خەریکە دێت بۆ لای من کە بەر بە رووناکی من بگرێ . »

ماسی گۆتی : « مانگی جوان ! من زۆر حەزم لە رووناکی تۆ هەیە . پێم خۆش بوو ئەم رووناکیە هەمیشە لە سەر من بوایە . »



مانگ گۆتی : « ماسی گیان ! راستەکەی ئەوەیە کە من رووناکیم نیە . هەتاو رووناکی بە من دەدات و منیش ئەم رووناکیە ئەدەمە سەر زەوی . رووناکیم نیە . راستی تۆ هیچ بیستویت کە مرۆڤەکان ئەیانەوێ تا چەند ساڵێکیتر بفرن و بێن لە سەر من دانیشن ؟ »

ماسی گۆتی : « ئەمە قەد سەر ناگرێ . »

مانگ گۆتی : « کارێکی زۆر سەخت و دژوارە ، بەلام ئینسانەکان هەر کارێک کە بیانەوێ . . . »

مانگ نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات . هەوری ڕەش گەیشت و بەری ئەوێ گرت و شەو دیسان تاریک بوو و ماسی ڕەش ، تەنیا مایەوە . چەند دەقەیێک ، گێژ و مات ، تەماشای تاریکیی کرد . پاشان چووە ژێر بەردێک و خەوت .

سبەینی زوو هەستا . لە دەوروبەری خۆی چەند دانە ماسی وردی بینی کە خەریکی پچ و پچ لە گوێ یەکتر بوون . تا بینیان ماسی ڕەش لە خەون هەستا . پێکەوە گۆتیان : « بەیانی باش ! »

ماسی ڕەش زوو ئەوانی ناسی و گۆتی : « بەیانی باش ! ئاخری بە دوای من بە رێ کەوتین ! »

یەکێک لە ماسیە وردەکان گۆتی : « بەڵێ ، بەڵام هێشتا دەترسین . »

یەکێکی‌تریان گۆتی : « بیر کردنەوە لە مورغی سەقا ناهێڵێ ئاسوودە بین . »

ماسی ڕەش گۆتی : « ئێوە زۆر بیر دەکەین . هەمووی کە نابێ بیری لێ کرد . بە ڕێگا کە چووین ، بە تەواوی ترسمان نامینێ . »

بەڵام تا ویستیان بە ڕێ بکەون . بینیان ئاوی دەوروبەریان هاتە سەرێ و سەر پۆشێک دانرایە لە سەر سەریان و هەموو شوێنێک تاریک بوو و ڕێگای دەرچوونێکیش نەبوو .

ماسی ڕەش زۆر زوو زانی کەوتوونەتە ناو کیسەی مورغی سەقا .

ماسی ڕەشی بچکۆلە گۆتی : « دۆستان ! ئێمە لە کیسەی مورغی سەقا گرفتار بووین . بەڵام ڕێگای دەرچوون بە تەواوی دانەخراوە . »

ماسیە وردەکان دەستیان کردە گریان و ناڵین . یەکێک لەوان گۆتی : « ئێمە ئیتر ڕێگای دەرچوونمان نیە تاوانی تۆیە کە ئێمەت هاندا و ئێمەت خەڵەتاند ! »

یەکێکی‌تر گۆتی : « ئێستا هەموومان دەخوات و ئیتر کاری ئێمە تەواوە ! »

لە ناکاو قاقایکی ترسناک دەنگی داوە ناو ئاوەکە . ئەمە مورغی سەقا بوو کە پێدەکەنی . پێدەکەنی و دەیگۆت : « چەندە ماسی وردم دەس کەوتووە ! ها ها ها ها . . . بە



راستی کە دڵم پێیان دەسووتێ ! هیچ لە دڵم نایەی بیانخوم ! ها ها ها ها . . . »

ماسی وردەکان دەپارانەوە و دیانگۆت : « حەزرەتی ئاغای مورغی سەقا ! ئێمە تاریفی چاکی ئێوە زۆر دەمێکە بیستووین و ئەگەر لوتف بکەین ، دەنوکی موبارەکی خۆتان توزێک بکەینەوە کە ئێمە بچینە دەرەوە ، بۆ هەمیشە دوعاگۆی وجودی موبارەکی ئێوە دەبین ! »

مورغی سەقا گۆتی : « من نامەوێ هەر ئێستا ئێوە بیخوم . ماسی پاشکەوتم هەیە . ئێستا بڕواننە خوارەوە . . . »

چەند دانە ماسی گەورە و ورد لە بنی کیسەکە بوون . ماسی وردەکان گۆتیان : « حەزرەتی ئاغای مورغی سەقا ! ئێمە کە کارێکمان نەکردووە . ئێمە بێ تاوانین . ئەم ماسیە ڕەشە بچکۆلەیە ئێمەی خەڵەتاند . . . »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « ترسەنۆکانە ! پێتان وایە ئەم مورغە فێڵ بازە ، کانگای لێبوردنە کە ئاوا لێ دەپارینەوە ؟ »

ماسیە وردەکان گۆتیان : « تۆ هیچ نازانی خەریکی چی دەڵی . ئێستا دەبینی کە چون ئاغای مورغی سەقا لێمان دەبوری و تەنیا تۆ دەخوات ! »

مورغی سەقا گۆتی : «بەڵێ . دەبورمەتان ، بەڵام بە یەک مەرج . »

ماسیە وردەکان گۆتیان : « مەرجەکەتان بڵێن ، قوربان ! »

مورغی سەقا گۆتی : « ئەم ماسیە فزۆڵە بختکێنن تا ئازادی خۆتان بە دەس بهێنین . »

ماسی ڕەشی بچکۆلە دوور کەوتەوە و بە ماسیە وردەکان گۆتی : « قبووڵی مەکەن ! ئەم مورغە سەقا فێل بازە ئەیەوێ ئێمەی بداتە شەڕ . من پیلانێکم دارشتووە . . . »

بەڵام ماسیە وردەکان ئەوەندە لە بیری دەباز بوونی خۆیان بوون کە بیر لە هیچ شتێکیتریان نەدەکرد و هێرشیان کردە سەر ماسی ڕەشی بچکۆلە ، ماسی بچکۆلە پاشەکشەی کرد بۆ لای کیسە و بە ئارامی دەیگۆت : « ترسەنوکانە ، ئێستا کە ئێوە گرفتار بووین و ڕێگای دەرباز بوونتان نیە . زورتانیش بە من ناشکێ . »

ماسی وردەکان گۆتیان : « دەبێ بدخنکێنین . ئێمە ئازادیمان دیهەوێ ! »

ماسی ڕەش گۆتی : « عەقڵتان نەمایە ! ئەگەر منیش بخنکێنین دیسان ڕێگای دەرباز بوون نادۆزینەوە ، فریوتان نەدات ! »

ماسیە وردەکەن گۆتیان : « تۆ لە بەر ئەمە ئەم قسە دەکەی کە گیانی خۆت ڕزگار بکەی و چیتر بیری ئێمە ناکەی ! »

ماسی ڕەش گۆتی : « ئەی گوێ ڕاگرن ڕێگایێک نیشانتان بدەم . من لە نێوان ماسیە مردووەکان خۆم بە مردووی ئەدەم ، ئەو کات بزانبن مورغی سەقا ئێوە ئازاد دەکات یان



نە ، و ئەگەر قسەی من قبووڵ نەکەین ، بەم خەنجەرە هەمووتان دەکوژم و یان کیسەکە دەدرڕم و ڕادەکەم و ئێوە . . . »

یەکێک لە ماسیەکان هاتە ناو قسەکانی و هاواری کێشا : « بەسە ئیتر ! من تەحەمولی بیستنی ئەم قسانەمە نیە . . . ئەی . . . ئەی . . . ئەی . . . »

ماسی ڕەش کە فرمیسکی ئەوی بینی ، گۆتی : « ئەم منداڵە ناز نازی و ترسەنوکە بۆ چی لە گەڵ خۆتان هێنا ؟ »

پاشان خەنجەرەکەی دەرهێنا و گرتەی بەرچاوی ماسیە وردەکان . ئەوان بەناچاری پێشنیاری ماسی ڕەشیان قبووڵ کرد . بە درۆ لە گەڵ یەکتر شەڕیان کرد . ماسی ڕەش خۆی بە مردووی دا و ئەوان هاتنە سەر سەری و گۆتیان : « حەزرەتی ئاغای مورغی سەقا ، ماسی ڕەشی فزۆڵمان خنکاند . . . »

مورغی سەقا پێکەنی و گۆتی : « کارێکی باشتان کرد . ئێستا بە پاداشتی ئەم کارە ، هەمووتان بە زیندوویی دەخوم کە لە ناو زکم دا سەیرانێکی جوان بکەن ! »

ماسی وردەکان چیتر مەجاڵی ئەوەیان نەبوو و بە سورعەتێکی زۆر لە قۆرگی مورغی سەقا چوونە خوارێ و کاریان تەواو بوو . بەڵام ماسی ڕەش ، لەو کاتەدا ، خەنجەرەکەی دەر هێنا و بە یەك زەبر ، کیسەکەی دڕاند و دەرچوو . مورغی سەقا لە ژان هاوارێك کێشا و سەری خۆی

دایە ناو ئاو ، بەڵام نەیتوانی بە دوای ماسی بچکۆلە بچێت . ماسی ڕەش ڕۆیشت و ڕۆیشت و دیسان ڕۆیشت تاکو دوا نیوەڕۆ هات . ئێستا ئیتر چیا و دۆڵ تەواو ببوو و ڕووباریش لە دەشتێکی تەخت و هەموار تێدەپەری . لە ڕاست و چەپ دا چەند ڕووباری بچۆکی‌تر دەگەیشتنە ئەو و ئاوەکەی چەند بەرابەر دەکرد . ماسی ڕەش لە زۆر بوونی ئاو حەزی دەکرد . لە ناکاو هاتە خۆیەوە و بینی کە ئاوەکە بنی نیە . ئەم بەر چوو ، ئەو بەر چوو ، نەگەیشتە جێگایێک . ئەوەندە ئاو زۆر بوو کە ماسی بچکۆلە لە ناوێدا ون بوو ! هەر جۆر کە دڵی دەخوازی مەلەی دەکرد و بە جێگایێک نەدەگەیشت . لە ناکاو بینی گیانەوەرێکی درێژ و گەورە بە سورعەت هێرشی بۆ برد . ئەرەێکی دوو لیو لە بەر دەمی ئەو بوو . ماسی بچکۆلە بیری کرد هەر ئێستایە کە ئەرە ماسی پارچە پارچەی بکات . زوو بە خۆی هات و خۆی لا دا و هاتە سەر ئاو . پاش ماوەیێک ، دیسان چووە ژێر ئاو کە بنی دەریا ببینێ . لە ناوەراستی ڕێگا دەستە ماسیەکی بینی . هەزاران هەزار ماسی ! لە یەکیکێان پرسیاری کرد : « هاورێ ، من غەریبم ، لە ڕێگای دوور هاتووم ، ئێرە کوێ‌یە ؟ »

ماسی ، دۆستەکانی بانگ کرد و گوتی : « تەماشا بکەن ! یەکێکی‌تر . . . »

پاشان بە ماسی ڕەش گوتی : « هاورێ ، بە دەریا خۆش هاتی ! »



یەکێکی‌تر لە ماسیەکان گوتی : « هەموو ڕووبارەکان و جۆگەکان دەرژنە ئێرە ، هەڵبەتە هێندێک لەوانیش دەرژنە باتلاق . »

یەکێکی‌تر گوتی : « هەر کات ویستت ، دەتوانی بیتە ناو دەستەی ئێمە . »

ماسی ڕەشی بچکۆلە خۆشحاڵ بوو کە گەیشتووتە دەریا ، گوتی : « باشتر وایە یەکەم جار . توزێک بگەرم ، پاشان بێم بۆ ناو دەستەی ئێوە . دڵم دەخوازی ئەم جارە کە توری پیاوی ماسی‌گیر بە دوای خۆتان ڕادەکیشن ، منیش لە گەڵ ئێوە بم . »

یەکێک لە ماسیەکان گوتی : « بەم زووانە بە ئارەزووی خۆت دەگەی ، ئێستا برۆ بگەرە ، بەڵام ئەگەر چوویتە سەر ئاو ئاگاداری ماسی خوار بە کە لەم ڕۆژانە ئیتر لە هیچ کەسێک ناترسێ ، هەر ڕۆژ تا چوار ، پێنج ماسی ڕاو نەکات ، دەس لە سەری ئێمە هەڵناگرێ . »

ئەو کات ماسی ڕەش لە دەستەی ماسیەکانی دەریا جیا بوو و خۆی خەریکی مەلە کردن بوو . توزێکی‌تر هاتە سەر ئاوی دەریا ، هەتاوەکە بە تین بوو . ماسی ڕەشی بچکۆلە هەست بە گەرمای زۆری هەتاو لە سەر پشتی خۆی کرد و حەزی دەکرد . هێدی و خۆش لە سەر ئاوی دەریا مەلەی دەکرد و لە گەڵ خۆی دەیگوت :

« مەرگ زۆر ئاسان دەتوانێ ئێستا بێت بۆ من ، بەڵام من تا دەتوانم رووبەرووی مەرگ بم ـ کە هەر دەبم ـ گرێنگ نیە ، گرێنگ ئەمەیە کە ژیان یا مەرگی من چ کاریگەرێکی لە سەر ژیانی کەسانیتر بێت . . . »

ماسی ڕەشی بچکۆلە نەیتوانی زۆرتر لەمە بە دوای فیکر و خەیاڵی خۆی بچێت . ماسی خوار هات و ئەوی هەڵگرت و لە گەڵ خۆی برد . ماسی بچکۆلە لە لای دەنوکی درێژی ماسی خوار دەس و پێی دەدا ، بەڵام نەیتوانی خۆی دەرباز بکات .

ماسی خوار ئاوا تووند ناوقەیی ئەوی گرتبوو کە خەریک بوو گیانی دەر دەچوو ! ئاخر ، ماسیەکی بچکۆلە چەندە دەتوانێ لە دەرەوەی ئاو زیندو بمینێتەوە ؟

ماسی بیری کرد کە خۆزگە ماسی خوار هەر ئێستا بخواتەی تا لانی کەم ئاو و نمی ناو زکی ئەو ، چەند دەقەیەک بەر بە مردنی ئەو بگرێ . بەم بیرە بە ماسی خواری گوت : « بۆ چی من بە زیندویی ناخوی ؟ من لەو ماسیانەم کە پاش مردن ، گیانیان پڕ لە ژار دەبێت . »

ماسی خوار شتێکی نەگوت ، بیری کرد : « ئەی فێڵ باز چ فێڵێک لە کاری تۆیە ؟ نەکات ئەتهەوێ من قسە بکەم تاکو دەر بچیت ؟ »

وشکی لە دوورەوە دەر کەوتبوو و نزیک و نزیکتر دەبوو .

ماسی ڕەش بیری کرد : « ئەگەر بگەینە وشکی ئیتر کاری من تەواوە . »



ئەمە بوو کە گوتی : « دەزانم کە ئەتهەوێ من بۆ منداڵەکەت ببەی ، بەڵام تا بگەینە وشکی ، من مردووم و گیانم پڕ لە ژار دەبێ . بۆ چی بەزەئیت بە منداڵەکانت نایەیت ؟ »

ماسی خوار بیری کرد : « ئاگادار بوونیش کارێکی باشە بە خۆم تۆ دەخوام و بۆ منداڵەکانیشم ماسیەکیتر ڕاو دەکەم . . . بەڵام با بزانم . . . فێڵێک لە کار نەبێ ؟ نە ، هیچ کارێک ناتوانی بکەی ! »

ماسی خوار لەم بیرانە بوو کە بینی لەشی ماسی ڕەش ، شل بووە و ناجووڵێتەوە . لە گەڵ خۆی بیری کرد : « تۆ بڵی مردە بێت ؟ ئێستا ئیتر خۆمیش ناتوانم ئەو بیخوم . ماسی بەم نەرم و ناسکیەی چون حەرامم کرد »

ئەمە بوو کە ماسی ڕەشی بانگ کرد تاکو پێ بڵێ : « ئاهای بچکۆلە هێشتا نیوە گیانێکت هەیە کە بتوانم تۆ بیخوم ؟ »

بەڵام نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات . چونکە تا دەنوکی کردەوە ، ماسی ڕەش هەڵی خستەوە و کەوتە خوارێ .

ماسی خوار کە بینی کلاوێکی خراپ چووەتە سەری ، کەوتە دوای ماسی ڕەشی بچکۆلە . ماسی وەک با لە ئاسمان دا هەلێ دەخستەوە و دەچووە ناو ئاو . لە خۆشی ئاوی دەریا ، لە خۆ بێ خۆ ببوو و دەمی وشکی خۆی لە گەڵ ئاوی دەریا تەر دەکرد . بەڵام تا دەچووە ناو ئاو و هەناسەی تازە دەکرد ماسی خوار وەک با دەگیشتە ئەو و ئەم جارە ئاوا بە

سورعەتەوە ماسیی ڕاو کرد و خواردی کە ماسی تا ماوەیەک نەیزانی چ بە سەریّ هاتووە . تەنیا هەستی دەکرد کە هەموو جێگایێک تەر و تاریکە و ڕێگایێک نیە و دەنگی گریان دێت . کاتێک چاوەکانی بە تاریکی عادەتی کرد . ماسیەکی زۆر وردی بینی کە لە گۆشەیێک خۆی کۆ کردووتەوە و دایکی بانگ دەکرد . ماسی ڕەش نزیکی ئەو ببوو و پیّ گۆتی :

« بچکۆلە : هەستەوە و لە فیکری ڕێگا چارەسەرێک بە ، دەگری و دایکت بانگ دەکەی کە چی ؟ »

ماسی وردەکە گۆتی : « تۆ ئیتر . . . کێیی ؟ مەگەر نابینی خەریکم . . . خەریکم لە ناو . . . دەچم ؟ . . . ئەی . . . ئەی . . . ئەی . . . دایکی . . . من . . . من ئیتر ناتوانم لە گەڵ تۆ بم و توری ماسیگیر ببەمە بنی دەریا . . . ئەی . . . ئەی . . . ئەی ! »

کاتێک ماسی وردەکە بەر بە گریانی خۆی گرت ، ماسی بچکۆلە گوتی :

« من ئەمەویّ ماسی خوار بیکوژم و ماسیەکان ئاسوودە بکەم ، بەلاّم پێش لە هەموو شت دەبیّ تۆ دەرباز بکەم کە خۆت ریسوا نەکەی . »

ماسی وردەکە گۆتی : « تۆ کە خەریکی دەمری ، چون ئەتهەویّ ماسی خوار بیکوژی ؟ »

ماسی بچکۆلە خەنجەرەکەی نیشانی دا و گۆتی : « لەم ناوەدا ، زکی دەدڕم ، ئێستا گویّ ڕاگرە بزانە چ دەڵم : من



دەگەرم و ئەم ل او ئەو لا دەرۆم ، کە ماسی خوار ختیی پیّ بێت و پیّ بکەنیّ و هەر ئەوەی کە دەمی کردەوە و دەستی پیّ کردە قا قا پێکەنین ، تۆ بڕۆ دەرەوە . »

ماسی وردەکە گۆتی : « ئەی خۆت چی ؟ »

ماسی بچکۆلە گۆتی : « بیری من مەکە . من تا ئەم بەد جنسە نەکوژم ، نایەمە دەریّ . »

ماسی ڕەش ئەمەی گۆت و دەستی پیّ کردە گەران و ئەم لا و ئەو لا ڕۆیشتن و ختی دانی ماسی خوار . ماسی وردەکە لە بەردەم مەعدەی ماسی خوار ئامادە ڕاوەستا بوو . تا ماسی خوار دەمی کردەوە و دەستی پیّ کردە پێکەنین ، ماسی وردەکە لە دەمی ماسی خوار خۆی خستە دەریّ و دەرچوو و پاشان کەوتە ناو ئاو . بەلاّم هەر چی چاوەروان بوو لە ماسی ڕەش خەبەرێک نەبوو . لە ناکاو بینی ماسی خوار هەروا بە خۆی دەپێچیّ و هاوار دەکات ، تا ئەوەی دەستی پیّ کردە دەس و پیّ لێدان و پاشان کەوتە ناو ئاو و دەس و پێی لیّ دەدا تاکو لە جم و جۆڵ کەوت ، بەلاّم لە ماسی ڕەشی بچکۆلە هیچ خەرێک نەبوو و تاکو ئێستایش هیچ خەبەرێک نەبووە . . .

ماسی پیر چیرۆکەکەی تەواو کرد و بە دوانزە هەزار منداڵ و نەوەکەی گۆتی : « ئیتر کاتی خەوتنە روڵەکانم ، بچن بخەون . »

منداڵەکان و نەوەکان گوتیان : « دایە گەورە ! نەدگۆت بە سەرهاتی ئەو ماسیە وردەکە چی بوو . »

ماسی پیر گوتی : « ئەویش بمینێ بۆ سبەینی شەو . ئێستا کاتی خەوتنە ، شەو باش ! »

یانزە هەزار و نۆسەد و نۆهەت و نۆ ماسی بچکۆلە « شەو باشیان » گوت و چوون بخەون . دایە گەورەیش خەوی لێ کەوت ، بەڵام ماسی سوورێکی بچکۆلە هەر چی دەکرد خەوی لێ نەدەکەوت ، شەو تا سبەینی بەیانی هەمووی لە بیری دەریا بوو .